# بەیتی زێڕین و گۆرانی زێڕینێ

ئەحمەد حەیران



ناوەرۆکی ئەم بەیتە وەکو زۆربەی بەیتەکانی دیکەی کوردی سەربردەی ئەڤینی و دڵداری دەگێڕێتەوە، دیارە خاسیەت و ناواخنی بەیت پەیوەستە بەڕووداو، بۆیە هەر بەیتێک دەگری رووداوێک لەخۆ دەگرێ، هیچ بەیتێک بێ رووداو و سەربردە نییە، بۆیە دەکرێ بەیت و سەربردە بەیەکەوە پەیوەست بکرێت، هەردووکیان بکرێن بەپێناسە بۆ یەکتری. پێدەچێ بەیتێکی زۆری کوردی فریای کۆکردنەوەو تۆمارکردن نەکەوتبێ و لەبیر چووبن و تەپوتۆزی رۆژگار ونی کردبن، شەپۆلی کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کردەوەیەکی خۆگەری خۆبووردەیی خۆڕاییە، ئەوانەی ئەم ئەرکەیان بەجێگەیاندووە خۆنەویست و خۆبەخش بوونە. بەم کارە خۆڕاو خاکەڕاییەی ئەنجامیان داوە خزمەتێکی زۆری کولتوورو رۆشنبیری کوردییان کردووە، کارەکان ئەگەر وریایی و ئاگاداریشی لەگەڵ نەبێ، بەڵام بناغەیەکییان داڕشتووە بۆ ئەوەی تۆژەران و ئەوانەی گرنگی بەملایەنە دەدەن بەسەر ئەم بەرهەمانەدا بێنەوەو هەستی بەراوردکاری و سەرنجدان و توێژینەوە لایان دروستبێت، هیچ نەبێ هەندێک

لەو بەندو بەیت و هۆنراوە فۆلکلۆرییانە بەراورد بکەن و شەن و کەویان بەناودا بکەن، تاوەکو بگەنە ئەنجامێک بنەڕەت و سەربردەی ڕووداوەکان ڕوونبکەنەوەو ناوەرۆکی بەیتەکان شیبکەنەوەو بنەڕەتی سەربردەکە بدۆزنەوە، بەند و بەیت و هۆنراوەیەکی زۆر بەناو بەرهەمە فۆلکلۆرییە کۆکراوەکان پەرت بووەو بنەڕەتی بزرەو سەرەتای دیار نییە، ئەگەر هەستێکی ورد بەدوای ئەم بابەتانە نەبێت، قۆناغێکی دیکە بەیەکجاری لەبیر دەکرێن و کەس خولیای ئەوەی نابێ بەدوایان بگەڕێ، جۆری پەرتبوونییان بە ئەندازەیەکە هەستپێکردنیان ئاستەنگە، بەیتەکان بەناونیشانی خۆیان نین، بەڵکو ناونیشانی تریان پێوە نووساوە، کەچی ناوەرۆک و باسی شتێکی دیکەیە، بەهەر جۆرێ بێ بەرهەمە فۆلکلۆرییە کۆکراوەکان کەرەسەو مادەیەکی زۆر بەپێزن بۆ دۆزینەوەو دیارکردنی سەربردەی زۆر بەیت، بەیتی زێڕین یەکێکە لەو بەیتانەی بەناو بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بڵاوبۆتەوەو ناونیشانی دیکەی وەرگرتووە و بوەتە ناواخنی چەندین بەرهەمی جیاواز و لەگەڵ هۆنراوە فۆلکلۆرییەکان تێکهەڵکێش کراوە، سەربردەی ئەم بەیتە وا باس کراوە:

**بەیتی زێڕنۆکێ**

گوتراوە ڕووداوی ئەم بەیتە بۆ زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، ئەو کات پیاوێک لە بێتواتە هەبوو بەناوی (مام قادر) ئەم پیاوە کچێکی قەشەنگ و جوانی هەبوو بەناوی (زێڕین)، کوڕێکی خەڵکی موکریان ناوی (ئاوڕەحمان) دەبێ، ئەو کوڕە ئاوارە و سەرگەردان دەبێ لەناوچەی بێتواتە دەگیرسێتەوە، دەچێتە لای میری بێتواتە تاکو پەنای بدات و بیحەوێنێتەوە. لەوێ دەمێنێتەوەو دەگیرسێتەوە، بەمانەوەی لەوێ چاوی بە زێڕین دەکەوێ لەگەڵی دەکەوێتە داوی ئەڤینی، خۆشەویستی زێڕین وایلێدەکات زۆر پێیەوە متووبێت، بۆیە ماڵی میران جێدەهێڵێت و دەچی دەبێتە سەپانی ماڵی باوکی زێڕین، ڕۆژێک لەکاتی دروونەکردندا کاک قادر و ئاوڕەحمان بەیەکەوە دەکەونە دروێنەکردن، زێڕینیش پشتی کێشیان بۆ دەکات، واتە (مەرۆ) یاخود (مەڵۆ)ی لەدوای ئەواندا هەڵدەگرێتەوە، ئەوەی ئەوان دەیدوورنەوە زێڕین دەیکاتە باوەش و بە قەرانگ خڕیان دەکاتەوەو لە شوێنێ کۆمەڵیان دەکات، پێی دەڵێن گیشە یاخود گەلاوێژ.

گیشە بۆ جۆیە و گەلاوێژیش بۆ گەنمە، لە کوردەواری ئەو ئافرەتەی ئەم کارە لەدوای سەپانان بکات پێی دەگوترێ (گیشەکەر).

ڕۆژێک لەکاتی دروونەکردندا مام قادر دەڵێتە ئاوڕەحمانی، خەڵکی کوێستانان (بەندان) گەلەک دەزانن ئەگەر بەندی دروونە دەزانی هەندەکمان بۆ بلێ، زێڕینیش ئەوا لە دوویانەو پشتی کێشیان بۆ دەکات و مەرۆیان هەڵدەگرێتەوە، ئاوڕەحمانیش بێ ئەوەی هەست بکات مام قادر لە تەکیدایە دەست بە بەندان دەکات و ئەو زێڕنۆکەی تیری لێداوەو پێیەوە سەوداسەر بووە لەگەڵ بەیتەکاندا دەیلاوێنێتەوەو تێکەڵی دەکات و دەڵێ:

سەفەرێکم کەوتە پێش دەڕۆم لەبۆ بێتواتێ
بۆ کن میری خۆشناوان بەنۆکەری قەلاتێ
هەردوو دەستی ماچ دەکەم بەڵکو زێڕینۆکم داتێ

* * *

ئەز قاسیدێ زێڕینۆکێم سوبەی دەڕۆم سەحەری
کالەکێ خۆم لەپێکەم لەخۆ دەدەم کۆدەری
دەچمە کن بابی زێڕنێ حەوت ساڵان بەنۆکەری

دەبمە شوانی بەرخۆڵان جارجاریش بەمەیتەری
چاوی زێڕینۆکێ جوانن وەک ئەستێرەی سەحەری
*   *   *
دەچمە کن وەستاکاران دروست دەکەم دراوان
دەچم لەبۆ بێتواتێ ئەو میرەدێی خۆشناوان
دەیبەم لەبۆ زێڕینۆکێ بەڵکو هەڵێنی چاوان
*   *   *
زێڕینۆک لەبەر پەرێزێ ئارەق لەسەر روانی
دەڵێی شووشەی گولاوە خوناوی سەر کولمانی
زێڕینۆک پشتی کێشە خۆم دەبم بەسەپانی
*   *   *
دەچمە کن وەستاکاران دروست دەکەم خرخاڵان
دەیبەم لە بۆ زێڕینۆکێ وەک کیژی گەورە ماڵان
پەرچەم رەشە رەیحانە باقەی سوسن و هەلالان
(ئەم بەیتە لەگەڵ سەربردەکەی لەلایەن مامۆستا (سەلام بێتواتەیی) دراوەتە کاک ئەسعەد عەدۆ لە گـۆڤـاری کـاروان ژمـارە ٥٤ سـاڵی ١٩٨٧ بلاوکراوەتەوە).

دیارە سەربردەی ئەم ئەڤینی و دڵدارییە بۆتە هەوێنی ناوەرۆکی زۆر بەیتی دیکەو گەلێک شایەرو هۆنەری میللی بەندی جۆراوجۆریان لەسەر چێکردووەو هۆنیوەتەوە. لە (کتێبی داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا) کە مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی کۆیکردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر چاپکراوە. بەیتێکی جوان هەیە بەناوی (قاسیدم وەز قاسیدم) ئەم بەیتە بەیتی زێڕینۆکەو دەبایە بەم ناوە بایە، چونکە سەرلەبەری باسی زێڕینەو لەسەر خۆشەویستی زێڕین هۆنراوەتەوە لە بەیتەکەدا دەڵێ:

وەز قاسیدم قاسیدم سبەی دەڕۆم بەیانی
کارک و گۆریەم لەپێکرد هەرمدەکێشا رانی
زێی موسرێم خێن بکا لێی دەدەم مەلەوانی
سەبارەت بە زێڕینێ لێم بویتە جۆگەو کانی
قاقەزی زێڕینێم پێیە دەچمە دەرکەی سوڵتانی
ئەگەر سوڵتان نەیپرسی، دەچمە ناو گاورستانی
*   *   *
وەز قاسیدم قاسیدم سبەی دەڕۆم گەلەکە
کارک و گۆریەم لەپێکرد هەرمکێشا بەلەکە
دەچمە سەر زێی بادینان هەردەبەستم کەرەکە
خەنەم دەینا بەباری زێڕین نەیگۆت گەلەکە
کلم دەبری لەشاری لۆ دوو چاوی بەرەکە
*   *   *
وەز قاسیدم قاسیدم دەچمە دەشتی هەریرێ
وەکی زەینێ خۆم داییێ زێڕینۆک لەبەر بیرێ
لاوی لەمە خلاس کرد بابانی بەقورێ گیرێ
*   *   *
وەز قاسیدم قاسیدم دەچمە دۆرێ خۆشناوان
دەچمە کن خواجە حەمەد قورپ دەکەم دراوان
زێڕینۆک بەخۆ وەبکا پێ بچیتە مارێ باوان
*   *   *
وەز قاسیدم قاسیدم هێ برام دەنگ لێهەردینم
دەچمە سەر زێی بادینان دەچم جسرێ دەبینم
گوارەکی بەشۆڕابە لەبۆ نازدارێ دەینم
هەستە گوارەت لەگێ کە تێر لە بەژنت رابینم
دنیا مەرگ و مردنە نەکو بمرم نەتبینم
لەناو گەری دیلانێ دوژمنان پێ دەپسینم
*   *   *
قاسیدو بازرینگانم دەچمە کۆیێ بەدارە
مندارەک بووم زۆر نەفام قەت نەمدیتیە ئەو شارە
زێڕینۆک جوابان دەنێری لەبۆم بکڕی گوارە
لۆ زێڕینێ دەکڕم گوارە نەک ببم شەرمەزارە

* * *
وەز قاسیدم قاسیدم دەچمە هات و نەهاتێ
دەستم دەدا تفەنگێ خۆم ئاوێتە قەراتێ
هاتم گەیە هەورازان خدری زیندەم دەگاتێ
یاڵڵا یا ئۆمەرمەندان بابی یارێم بداتێ
* * *
وەز قاسیدم قاسیدم سبەی دەڕۆم گەلەکە
دەچمە سەر زێی بادینان هەردەبەستم کەرەکە
یەکەک گازدەکا قاسید لۆچ دەڕۆی بەتالووکە
قوڕ بەسەری قاسیدی زێڕینۆکیان برد بەبووکە
* * *
قاسیدو بازرینگانم دەرێن ئاکرێ بەدارە
هێتیمەکی نەزان بووم قەت نەمدیتیە ئەو شارە
یارێ جوابان دەنێری لۆم بنێری گوارە
یارێ بەندم گرانە قەت بەرنابم ئەو جارە
دوونێ لە تێلێیان داگرتیش بەربوون ئەو جارە
وەستا دەستم دامەنت ..

دانانی ئەو بەیتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان، چونکە باس لە دەسەڵات و حوکمی سوڵتان دەکات، دەڵێ: دەچمە دەرکەی سوڵتانی) ئەگەر سوڵتان گوێی نەگرت ئینجا رووی دەمم لە گاورستانی دەکەم، شایەر زیاتر رووی لەو شوێنە کردووە کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی گێڕاوە و ویستوویەتی دەنگی خۆی بەرەو ئەو شوێنە بەرێ حوکمی بەرێوەبردووە، بۆیە دەڵێ: (زێی مـوسـرێم خێن بکا لێی دەدەم مـەلەوانی)، یاخـود دەڵێ: (دەچمە سەر زێی بادینان هەردەبەستم کەرەکە) مەبەست لەو شوێنانە گەیاندنی نیازو مەبەستە بۆ ئەوەی خواست و داواکانی بەهۆیەوە دەربڕێ، ئەم شوێنانەش بەردەباز و ڕێبازگە بوونە بۆ تێپەڕین و گوزەرکردن و خۆ گەیاندنە لای سوڵتان، هەر لە بەیتەکەدا ناوی پیشەو پیشەگەری وەکو زێڕینگەری و وەستای بەناوبانگی ئەو کاتی دەڤەری خۆشناوەتی (خواجە حەمەد) دەربڕاوە، کە خشڵ و دراوی ئافرەتانی قوڵب کردووە گوارەو ئامرازی رازانەوەی ئافرەتانی دروست کردووە، خولقانی بەیتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری ئەو وەستا کارامەیە ئەم دێرەی کە دەڵێ:

(وەز قاسیدم قاسیدم دەچمە دۆرێ خۆشناوان) دڵنیاییەک دەبەخشێ کەوا بەیتەکە تەواو لەگەڵ بەیتەکەی مامۆستا سەلام بێتواتەیی یەکدەگرێتەوە، هەردووک لە یەک سەرچاوە هەڵقولابن کە باسی خۆشەویستی و جوانی زێڕینە.

هەر دەربارەی زێڕین و پەرتبوون و بڵاوبوونەوەی دەمگۆی خۆشەویستی زێڕینۆک و جوانی زێڕنێ، زۆر هۆنراوەی دیکەی میللی گوتراون، بەند و پێداگوتنەکان لە زۆر لایەنەوە یەکدەگرنەوەو گەلێ وشەو دەستەواژە جێگاو رێگای هاوبەش و وەک یەکیان تێدایە، تەنانەت زۆرجار بەتەواوەتی تێکدەکەنەوە هەست بەجیاوازییەکی وا ناکەیت، کە دوو شایەر یاخود دوو گۆیندەبێژی میللی جیاواز بەیتەکانیان دانابێ، بەڵام ئەوەی لەو سەرچاوە جۆربەجۆرانە گرنگە ئەوەیە رووداوەکان و بەسەرهاتە ئەڤینی و دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکان کە لێی کەوتۆتەوە، هاوسۆزی و تێکەڵییەکی خێرای لای جەماوەر دروست کردووە، شایەرو گۆیندەکان لەدەڤەرو شوێنی دیکەدا قسەو گۆتەی خەڵکیان لەو بارەیەوە پێگەیشتووە و بەیت و بەندیان لێ هەڵێنجاوەو دیلان و زەماوەندو شایی و گۆڤەند و رەشبەڵەکیان پێگیراوە. هەر لەسەر زێڕین و رووداوی زێڕیندا لە کتێبی (٣٠٠) هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی لە کۆکردنەوەی سەعدوڵڵا

شێخانی چەند دێڕو بەندێک هەیە بەناوی (بێرکەران بێرە بێرە)، ئەم بەندانەش هەمان بەیتی زێڕین دەگێڕێتەوە لە بنەڕەتیش دەبووایە ناونیشانەکەی بەناوی بەندی زێڕین یاخود (بەیتی زێڕین) بووای، بەندەکان وا نووسراون و کۆکراونەتەوەو دەڵێ:

بێرکەران بێرە بێرە بێریان دانا لەتاتی
داکی دەستدا مەنجەرێ کیژە دەیکرد غەباتی
ئەگەر یارێم نەدەنێ دەچمە دەر لە وراتی

* * *

کارک و گۆریەم لەپێکرد هەرمدەکێشا رانی
دەچمە سەر زێی بادینان لێدەدەم مەلەوانی
بەرێخۆمدا چۆلییان پشتم لە ئاوەدانی
قاقەزی لۆ شای دەبەم دەچمە دەرکەی سوڵتانی

* * *

وەز قاسیدێ زێڕنێمە چاکە دەنگ لێ هەرینم
کارک و گۆریەم لەپێکرد دەچم موسرێ دەبینم
گوارەکی بەشۆڕابە لەبۆ یارێ خۆ دێنم
هەستە گوارەت لە گێ کە تێر لە بەژنت رامینم
دنیا مەرگ و مردنە نەوەک بڕۆی نەتبینم

* * *

وەز قاسیدێ زێڕنێ مە دەچمە کۆو کەرکووکە
یەکەک ئەوا گاز دەکا بۆچ دەڕۆی بەتالووکە
توخوا کاکە لێمگەڕێ زێڕینیان برد بەبووکە

* * *

وەز قاسیدێ زێڕنێ مە سبەی دەڕۆم گەلەکە
کارک و گۆریەم لەپێکرد هەرم کێشا بەلەکە
دەچمە سەر زێی بادینان بە گەمیەو بەکەرەکە
خەنەم دەینا بەباران زێڕین نەیگۆ گەلەکە
کلم دەکرِی لە شاران لەبۆ چاوێ بەرەکە

* * *

وەز قاسیدێ زێڕنێ مە دەچمە کۆیێ بەدارە
مندارەک بووم در بەخەم قەت نەمدیتیە ئەو شارە
زێڕین جوابان دەنێری هەر دەمەوێ گوارە
وەستا دەستم دامێنت بشکێ دورو گەوهەرە

بەیت و بەندە فۆلکلۆرییەکان پێویستیان بەگەڕان و دۆزینەوە هەیە، چونکە بەناو هۆنراوە میللییەکاندا پەرشوبڵاو بوونەتەوە، دەکارێ بەهۆی بەراورد و لێوربوونەوە سەرەتاکانیان دیار بکرێ و رووداوەکانیان بدۆزرێنەوە، بەیتەکان زۆر نهێنی و بەسەرهات لە خۆ دەگرن کە رووداوی دەیان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگێڕنەوە. بەیتخوانەکان شارەزاو زمان پاراو بوون، بۆیە هەندێک لە بەیتەکان بوونەتە گۆرانی و ئێستاش کاریگەری خۆیان بزر نەکردووە بەهۆی زیندوویەتی بەیتەکەو نزیکی رووداوەکە لە ئەندێشەو خەیاڵی کۆمەڵ، بەسەرهاتەکە لە بەندی دورنەو گۆرانی کار دەرچووە بووەتە گۆرانی سەرزاری خەڵک، زۆر لە سترانگۆیان ئەم گۆرانییەیان گوتییە سترانی هە زێڕنێ کە لە بەیتی زێڕین هاتووە، گۆرانییەکی باوە زۆر لە گۆرانیبێژان وتوویانە لەوانە مامۆستا باکووری و هیتر، ئاواز و پەیڤ و وشەو هێماو ناوەکانی نێو بەیتەکە، شوێن و ژینگەو بنەمای بەیتەکە دیار دەخەن.

سەرچاوەکان:


* کاتێ فۆلکلۆر دەدوێ، ئەسعەد عەدۆ، سەلام بێتواتە، گۆڤاری کاروان ژمارە ٥٤، ١٩٨٧ .

* عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ١٩٩٨ .

* سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سێ سەت هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا ١٩٩٠ .